# شیرین گیان قوربان

بۆ یادی هاوسەری خۆشەویستم
د.پەروین بالتە

گیانە بێرەوە ئەی بەر گوزیدەم
پالأت بنێرە سەر هەردو دیدەم
پەروین گیان قوربان تۆ کەی دێیتەوە
شەوو ڕۆژ چاوم وا لە ڕێتەوە
دوریت گرێکە گیان ئەگرێتەوە
ساتی ساڵێکی ژین ئەسرڕێتەوە
-----
شیرین خەزان دای لە سەرتاپای چڵ
ئاڵتونی زەردی گشت وەڕانە گڵ
کانییاو وشکن ، ئەشکی مرواری
لە دوو چەم ئەڕژێ بۆ چەمی جاری
وا چەمەن زەردە گولیش وەریوە
بولبولیس نەغمەی لێمان بڕیوە
------
هەرچەندە قوربان میوانی گڵی
تۆتەنیا گوڵی ڕازاوەی دڵی
منیش لەوساوەیکە دورم لە تۆ
خۆراکم خەمەو زێدم بۆتە کۆ
هەتا ئەو ڕۆژەی دەم ئەدەم لە گۆ
پیشەم فوغانە، شیوەنەو ڕۆڕۆ

د.تاهیر بابان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com